

## ڕۆژهات ئامـــــەد

# باکوری کوردستان
# ڕەوشێکی نا ئارام و باگراوندێکی تەموژاوی لەگەڵ ئەوەی ئەو خۆنیشاندانانەی باکور خواستی ڕەوای کوردن بەڵام لەشکری تورکیا و «PKK» بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن

ڕاپۆرت : نامق هەورامی

**لەچەند ڕۆژی ڕابردوو دا باکوری کوردستان ڕەوشێکی نا ئارامی بەخۆوە بینی و بە ئێستاشەوە دۆخەکە ئاسایی نەبوەتەوە لەم شڵەژان و نا ئارامییەدا چەندین ڕەهەندی جیا دەبینرێت لەوانەش نارەزایی خەڵک و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەوشەی کوردان ئێستا لە تورکیا هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە سوپای تورکیا زەمینەی زیاتر بۆ ئەو نا ئارامییە دەخوڵقێنێ بەمەبەستی هەرچی زیاتر لەشکرکێشی بۆ ئەو ناوچانە بەمەبەستی شەرعیەت دان بە میلیتاریزە کردنی ناوچە کوردییەکان، بۆ زانینی زیاتری چۆنییەتی ئەو بارودۆخە هەڵئاوساوە و فاکتەرەکانی ئەو سەر هەڵدانە و هەندێ نهێنی ئەودیوی مەسەلەکان بەڕێز ڕۆژهات ئامەدی ئەندامی کۆنسەی**

**سەرۆکایەتی«PDK» باکور لە چەند تەوەرێکدا مەسەلەکانی شرۆڤە کرد.**




سەبارەت بەوهۆکارە خودی و بابەتیانەی کە بونەتە هۆی ڕودانی ئەم سەرهەڵدانە بەڕێز ڕۆژهات ئامەدی گوتی:

ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە باکوری کوردستان ڕوو دەدەن نیشانەی مایە پوچی دەوڵەتی تورکیایە لەهەمبەر کێشەی کورد کە تا ئێستاش نکۆڵی لە نەتەوەیەکی وەک کورد دەکات و پێیان وایە دەتوانن ئەو نەتەوەیە بتورکێنن ئەو چالاکیانە شتێکی تازەنین چونکە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ناوە ناوە شتی لەو جۆرە ڕویداوە، ڕاپەڕیوەکان گەنج و لاو و مرۆڤی کوردن و داوای مافی خۆیان دەکەن، زیاترە ئەو خەڵکەی ئەمجارە ئەو ڕاپەرینە دەکەن ئەو کوردانەن کە بەهۆی سیاسییەتی تورکیاوە ڕاگۆێزراو نەتە شارە کوردای و تورکییەکان لە سادەترین ماف و ژیان بێبەشن، ئەوانەش مافی ژیان و داواکارییان هەیە و پێویستە ڕێز لە داواکانیان بگیرێت و داکۆکی و بەرگریشیان لێبکرێت.

لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە ڕۆڵی دەستی ئەملا و ئەولا لەو چالاکیانەدا دەبینرێت بەتایبەتی لەشکری تورک کە زەمینەی ئەو جۆرە چالاکیانە دروست دەکات تا بیکاتە بیانو بۆ میلیتاریزەکردنی ناوچە کوردییەکان چونکە لە ژێر گوشاری یەکێتی ئەوروپا تورکیا هەندێک هێزی ناسەقامگیری لە کوردستاندا کەم کردبویەوە بەڵام بەبیانوی ناوچە کورد نشینەکان.

هاوکات ئەو باڵە موحافیزەکارەی نێو جەنەڕاڵەکانی تورک کە ئامادەنین و حەز ناکەن تورکیا بێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ئەم کێشەیە دەنێنەوە، هەر چەندە بەڕێز ئەردۆگان تا ڕادەیەک دەیەوێت هەندێک میانڕەوی لە سیاسەتەکانیدا بکات و نەرمی لە هەمبەر دۆزی کوردنیشان بدات.

ئەوەشمان لە یاد نەچێت ڕەوشی ئارامی کوردستانی باشور و ڕۆڵی کورد لە عێراقی داهاتوو دا وبە ئێستاشەوە هۆکارێکی تری دڵگەرمی جەماوەری باکور و هەم ترسی دەوڵەتی تورکە لەوەی ئەو ئەزموونە بگوازرێتەوە باکور بۆیە هەوڵی دروستکردنی ئەو ڕەوشە نا ئارامە دەدات تا کوردان بیر لەو ئازادیەی براکانیان لە باشور نەکەنەوە چونکە نەک لە نەخشەی سیاسی عێراقدا کورد ڕۆڵی کاریگەری هەیە بگرە لە ناوەندی بڕیاری جیهانیشدا حساب بۆ کورد دەکرێت و ئەمەش لەلایەن تورکیاوە زەحمەتە قبوڵ کردنی.

## ڕوداوەکان و
## ڕۆڵی نێگەتیڤی «PKK»

ئامەدی لە درێژەی قسەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێت : بەداخەوە سەرکردایەتی « PKK » ڕۆڵی خراپیان هەیە بۆ نموونەش ئەو ڕوداوانە«١٤» گەریلای کورد کوژران کە لەو باوەڕداین دەستی «PKK» و ئەرتەشی تورکیای تێدا بوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەستی کورد بجوڵێنن بۆ ئەوەی کە ئێستا ڕۆیداوە و بەردەوامە لێرەدا دەبێت هەم گەلی کورد و هەم دەوڵەتی تورکیا و حکوومەتی تورکیاش بپرسن و بزانن ئەو جۆرە خۆنیشاندان و ناسەقامگیر بەکوێ دەگات؟

بە باوەڕی ئێمە ئەوە نیشانەی ئیفلاسی سیاسەتی تورکیایە تا لە چوار چێوەی یاسادا کورد نەناسێت وەک چۆن لە هەڵبژاردندا ڕێژەی « ١٠ ٪ » ی داناوە بە مەرج بۆ بەشداری کە کورد لەم قۆناغە دا ناتوانێت ئەو ڕێژەیە بهێنێت بۆ ئەوەی لە پەرلەماندا بەشدار بێت.

ئێوە دەزانن کە کەسێکی وەک ئیسماعیل بێشکچی لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەک پارێزەرێک لە کێشەی کورد کاری کردوە و بەردەوامیشە و بەبێ جیاوازی داکۆکی لە کورد دەکات، لەو کۆنفرانسەی لە ئەستەنبۆڵ بەسترا گوتی: با ئەوانەی لە دەرەوەی ئیمرالین قسە بکەن، خۆی باش دەزانێت کە مەبەستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان خزمەتی چارەسەری کێشەی کورد ناکات، بێشکچی بەو ئاکامە گەشتوە و ئەوەشی تەنیا ڕەئی ئەو نییە زۆر ڕۆشنبیر و سیاسەتوانی تورک لەوە دڵنیابونەتەوە کە ئۆجەلان ناتوانێ خزمەتی دۆزی کورد بکات و مەسەلەی کورد بە «PKK» چارەسەر نابێت هەروەها دەوڵەتی تورکیاش گەشتوەتە ئەو ئاکامە کە کێشەی کورد لە تورکیالە ڕێگەی لەشکرەوە چارەسەر نابێت و ئەوەی ئێستا ڕودەدات پێویستی بە ڕێگە چارەی تازە هەیە و ئەمەش چ بە دەوڵەتی تورک و چ بە سەرکردایەتی « PKK» قبوڵ ناکرێت و دەیانەوێت هەردوولا بە خراپ ئەو مەسەلەیە بقۆزنەوە.

دیارە ئەمەش پێچەوانەی داخوازییەکانی بەڕێز سەرۆک وەزیرانی تورکیایە لە هەمبەر کێشەی کورد، هەر چەندە ئەوان هەنگاوی بچوکیان ناوەو، بە دڵنیاییەوە ئەگەر هەنگاوەکان فراونترین بێگومان چ لە بەرەی دیموکراسی تورکیا و چ لەلای کوردانیش پشتیوانی باشی لێدەکرێت و لەم کاتەدا حکوومەتیش دەتوانێ بڕیاری گونجاو وبدات چونکە یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاش لە پشتی حکوومەتن نەک دەوڵەت و لەشکر.

## سیاسەتی دژی چاند و کەلتور و دیرۆک

دیارە پاش چاپ بوونی بەرگی دووەمی کتێبی بارزانی و تەڤگەری



ئازادیخوازی کورد کە لە نووسینی بەڕێز «مسعود بارزانی»یە لە لایەن دەزگای «دۆز» بە تورکی بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە کاریگەری باش هەبوو لەسەر کوردانی باکور و خەڵکی تورکیاش، ئەمەش دەوڵەتی تورکیای جاڕسی کرد بۆیە لە کاتی دووبارە چاپکردنەوەی کتێبەکە و دەوڵەت ڕێگەی نەدا جارێکی تر چاپ بکرێتەوە بۆیە یاساغیان کرد و بەپێی یاسای چاپەمەنی تورکیا ئەگەر کتێبێک یاساغ کرا ئەوا نووسەرەکەی دادگایی دەکرێت، بەڵام ئەوان ناتوانن لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبە دا کە ئێستا سەرۆکی کوردستانە هیچ بڵێن بۆیە وەرگێڕی کتێبەکە و دەزگای دۆزیان داوەتە دادگا.

## دەرەنجامی سەرهەڵدانەکا
## بە کوێ دەگات

لەمەڕ ئەو پانتاییەی کە ئەو سەر هەڵدانەی گرتوەتەوە و تا ئێستا بە کوێ گەشتوە بەڕێز ئامەدی دەڵێت: ئەو سەر هەڵدانە زۆربەی هەرە زۆری شارە کوردییەکانی گرتووەتەوە و بەشێک لە شارەکانی وەک ئەستەنبۆڵ و میرسین و ئەدەنەش گرتوەتەوە و تا ئەمڕۆش بەردەوام و چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە و تا کە ڕێگا بۆ چارەسەر و ڕێگرتن لەم خوێن ڕژانەی کورد بەلای ئێمەوە تەداخولی یەکێتی ئەوروپا و گوشار هێنانە بۆ تورکیا ، لە ئاستی میللیشدا پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد و بەتایبەتی لە باشوری کوردستان و دەرەوە پشتیوانی لە نەتەوەکەیان بکەن و گوشاری زیاتر بخەنە سەر دەوڵەتی تورک.

## ئایندەی چاوەڕوانکراو

دیارە لە ساڵی ڕابردووەوە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی گرنگی زیاتر بە سەرکردایەتی سیاسی و جەماوەری کورد دەدەن وەک بانگهێشتی سەرۆکی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ کۆشکی سپی و زۆر وڵاتی دنیا و دواتر بانگهێشتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران و لەم چەند ڕۆژەشدا هێز و گرووپەکانی کوردی سوریا کە لەلایەن ئەمەریکاوە داوەت کراون، ئایا لەم سەروبەندەدا ئۆپۆزسیۆنی کوردی باکور چۆن دەبێت

لەم بارەیەوە بەڕێز ڕۆژهات ئامەدی دەڵێت: لەو بڕوایەدا نیم ئەمەریکا لە بەرنامەیدا هەبێت ئۆپۆزسیۆنێک بە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا دا دروست بکات، چونکە بارودۆخی تورکیا جیاوازە لە عێراق و ئێران و سوریا ، بەڵام دەکرێت لە چوار چێوەی دیالۆکدا لە پرۆسەی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا پرس و ڕامان پێبکرێت و لەو بارەیەوە نەزەرمان هەبێت و باسی گرفت و ئاستەنگەکان بکەین و خواستەکانمان بگەیەنینە ئەو ناوەندە گەورەیەی جیهان.